# وەزعی فەرشاد دوستی پوور خوێندکاری زیندانی خراپە

ڕاپۆرتەکان ئەوە دەردەخەن کە فەرشاد دوستی پور کە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن بەکرێگیراوانی رژیمەوە لە شاری ئەیوانی غەرب لە ئوستانی ئیلام گیرا، لە بارودۆخێکی خراپی جەستەیی دایە. فەرشاد دوستی پور کە لە پاش ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی خوێندکاران گیرا ٢ مانگ لە زیندانی ئوین بوو، بە دەست نەخۆشیەوە دەناڵێنیٚ و یەکێك لە دوکتورەکانی ئیلام گوتوویەتی ناوبراو لە بار و دۆخێکی خراپ دا بە سەر دەبات و پێویستی بە چاودێری هەیە. فەرشاد دوستی پوور ئێستا لە زیندانی ئیتلاعاتی ئوستانی ئیلامدا گیراوە.